
سەید حەکیم: کارەبا بنەمای گەشەپێدان و بەجووڵخستنی کەرتەکانی بەرهەم هێنانە لە عێراق



بەڕێز سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی لەنووسینگەی خۆی لە بەغدا پێشوازی لە بەڕێز ئەندازیاری کارەبا عەلی سەعدی وهەیب کرد، لەم دیدارەی باس لە سروشتی کەرتی کارەبا لە عێراق کرا، لەگەڵ چێنیەتی پێشخستنی بەشوەیەك کە گەرەنتی ئاوەڕۆکانی دابینکردنی کارەبا بە هاوڵاتیان بکرێت پێویستی ئاوان بێت.

سەماحەتی گوێبستی دیدی وەزیری کارەبا بوو لە بەڕێوەبردنی کاروباری وەزارەت و پلانەکانی ئێستا و داهاتوو بۆ چارەسەرکردنی ئەکابەریەکان کە ڕووبەڕووی دەسەی ووزە دەبێتەوە، گوتیشی کارەبا بنچینەی سەرکی گەشەپێدانە بۆ بەجووڵ خستنی کەرتەکانی دیکەی بەرهەم هێنان وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتیاری و وەبەرهێنان.

سەماحەتی سەید حەکیم داوای کرد چارەسەری کاتی و ستراتیژی بدۆزنەوە بۆ کەمبوونەوەی کاتژمێرەکانی کارەبا، جەختیشی کردەوە لەسەر گرنگی هاریکاری کردن لەگەڵ کەرتی تایبەت و سوود وەرگرتن لە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی ئەم بوارە جگە لە بایەخدان بە دەزگاکانی گواستنەوە و دابەشکردن و بەکارهێنانی ژیرانەی کارەبا.

سەماحەتی جەختی لەسەر پێویستی بەدیهێنانی دادپەروەری لەدابەشکردنی وزە لەنێوان پارێزگاکاندا کردەوە و ئاماژەی بەگرنگی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ حکوومەتە خۆجێییەکان کرد بۆ دڵنیابوون لەسەرکەوتنی پلانەکانی وەزارەت هەروەها داواشی کرد کە ڕووشۆنی تایبەت بە پارێزگای بەسرە بدرێت بە هەی ئاوەی بە گشتی پێشکەشی بە عێراق دەکات و هەروەها سروشتی کەش و هەوا گەرمەکەی لە وەرزی هاویندا کرد.

لەکۆتاییدا سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر پێویستی ئامادەکاری زوو بۆ وەرزی مانگی موحەرەم و دابین کردنی پێداویستی عێراق لە تەزووی کارەبا لەم کاتەدا، دوپاتیشی کردەوە کە گرنگە پرۆژە زیندووەکان تەواو بکرێن بەتایبەتی پرۆژەکانی وزەی خاوێن کە ئاوەش دەبێتە هۆکاری سەقامگیری سیستەمی کارەبا و پاشتی گەشەپێدانی بەردەوام لە وڵاتدا.